# ڕێکخراوەکانی ژنان بەردەوام کەوتوونەتە دوای ڕووداوەکانەوە

ڕاپۆرت: ئاسۆ

لە کوردستان زیاتر لەپەنجا ڕێکخراوی ژنان هەن کە پەیڕەو و پرۆگرامی هەموویان داکۆکی کردنە لەمافەکانی ژنان، ئەمە جگە لەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین پرۆژەو بەرنامەی تایبەت بە ژنانیان هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی کوریدا ڕوو لەخراپی دەکات، ڕۆژانە هەواڵی کوشتن یان لێدان و ئازاردان و خۆسووتاندنی ژنان لەڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا بلاّو دەکرێتەوە، دواین نموونەش کوشتنی کچە ئێزدییەك بوو بەناوی (دوعا خەلیل) کە لە کۆمەڵگەی بەعیشقە بەرد بارانکراو و دیمەنی بەردبارانکردنەکەش کە بەکامێرای مۆبایلی بکوژەکان گیرابوو بلاّوکرایەوە.

دوای ئەم ڕووداوە ژنان دەڵێن دەبێت ڕێکخراوەکانی ژنان خۆیان هەڵبوەشێننەوە چیتر بە ناوی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان خەریکی پارەپەیداکردن نەبن.

یەکێك لەو ژنانەی کە دیمەنی کوشنی دوعای بینیوە وتی: ڕێکخراوەکانی ژنان چاوەڕێ دەکەن تا ژنێك بکوژرێت و کۆڕو سیمیناری لەسەر بکەن و بچنە پەرلەمان و لەوێ وێنەی خۆیان بگرن و دەعوەتی چەوری پەرلەمان و مەسئولەکان بخۆن، تا ئێستا بەسەدان ژن کوژران، ڕێکخراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە هیچ بکوژێك بدەنە دادگا.

نیزاڵ محەمەد-دیمە کوشتنی دوعا خەلیل لە مۆبایلەکەیدایە و وەك خۆی دەڵێت بەردەوام سەیری دەکات، وتی: هیچ کاتێك گەشبین نیم بەرێکخراوەکانی ژنان، کاتی خۆی ژنێك ڕۆژنامەی ژنانی هەبوو گەورەترین داکۆکی لەژنان دەکردو خۆی بەیەکێك لە ژنە فێمینستەکان لەقەڵەم دەدا کەچی خۆی سەر بەهەوێ شووی بەپیاوێك کرد، بۆیە ڕێکخراوەکانی ژنان تەنیا بۆپارە پەیداکردنە بۆ کۆمەڵێك کەس و هیچی دیکە.

سەمیرە محەمەد- کە هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی ژنانە و هاوکات ئەندامی ڕێکخراوی ڕاسانە بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنانی کوردستان، دەربارەی ئەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان دوای ڕووداوەکان کەوتوون وتی: ئەو قسەیە زۆرباوە و زۆرجار لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەکرێت، ئەم بۆچوونە زیاتر بۆ چوونی پیاوانە و بەداخەوە ئێستا لەسەر زاری ژنانەوە دەیبیستین.

سەمیرە وتی: ڕێکخراوی ڕاسان بودجەکەی تەنیا یەك ملیۆن دیناربوو بەڵام ئەوە شەش مانگیشە ئەو بودجەیە بڕاوە، زۆربەی ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی ئەوانەی (NJO)ن کادرەکانیان خۆ بەخشانە کاردەکەن، دواتر سەمیرە محەمەد ڕەخنەی ئاراستەی میدیاکان کرد لە کوردستان و وتی: تا ئێستا میدیاکان وەك پێویست هاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان نین و چالاکی و پرۆژەکانی ڕێکخراوەکان و ژنان بۆ خەڵك باس ناکەن.

زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکانی ژنان وابەستەن بەپارتە سیاسییەکانەوە و زۆرێك لەرۆشنبیران پێیانوایە ئەم ڕێکخراوانە پاشکۆی حیزبەکانن، زۆربەی ژنانی کوردستانیش دەڵێن تا ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بەپارتەکان بن حاڵەتی ژنان لەمە باشتر نابێت.

نووسەر و رۆشنبیر (ئاسۆ جەبار) پێیوایە: ڕێکخراوەکانی ژنان ئەوەندەی ئیش لەسەر مردووەکان دەکەن هێندە ئیش لەسەر زیندووەکان ناکەن، دوایی وتی: 95٪ ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بەپارتە سیاسییەکانن و ئێستا یەك دوو ڕێکخراو هەیە لەکوردستان کە داکۆکی لەو ژنانە دەکات کە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، ئاسۆ باسی لەرێکخراوی ئاسودە کرد کە خۆی کاری تێدا دەکات لەگەڵ یەك دوو ڕێکخراوی تر کەناوی نەهێنان کە چالاکانە بەوکارە هەڵدەستن.

ئاسۆ حکومەتی بەوە تاونبارکرد کە هاوکاریی ئەو ڕێکخراوانە ناکات کە داکۆکی لە ژنان دەکەن و وتی: حکومەت ڕقی لەو ڕێکخراوانەیە کە سەربەخۆن و ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بەحیزبەکانی بەوە تاوانبارکرد کە حیزبیانە بیر لەمەسەلەکە دەکەنەوە.

نەجیبە مەحمود، کە هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی ژنان و بەرپرسی بەشی ژنانە لەرێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت وتی:

بەدڵنیاییەوە وابەستەیی ژنان بەحیزبەکانەوە وایکردووە کە ژنان نەتوانن لەو قاڵبە دەربچن کە حیزبەکان بۆیان داناون. نەجیبە پێی وابوو کە تەنانەت کە لەناو ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بەدەسەڵاتیشدا جیاوازیی هەیە، پرسەکە لەیەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان دەگۆڕێت و بەشێکیان کاری باشیان کردووە و توانیویانە لەو قاڵبە دەربچن. نموونەشی بۆ قسەکانی خۆی هێنایەوە و وتی:

ڕێکخراوی ڕاسان پێشتر سەر بەحزبی زەحمەتکێشان بوو بەڵام دواتر خۆیکردە ڕێکخراوێکی سەربەخۆو (NJO) و بەشێوەیەکی باش کار دەکات و بۆتە ڕێکخراوێکی چالاکی داکۆکیکار لەژنان. نەجیبە باوەڕی وایە: پابەندبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بەحیزبەکانەوە پەرش و بلاوی دروست کردووە و هەتا ئێستا ڕێکخراوەکانی ژنان بە هۆی پابەندبوونیان بەپارتەکانەوە ناتوانن بەشێوەیەکی یەکگرتوو کار بۆمافەکانی ژنان بکەن.

ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان سەربەخۆبن ئەوە بارودۆخی ژن بەرەو باشبوون دەڕوات ئەمەی سەرەوە وتەی ژنانی کوردستانە کە زۆربەیان ئێستا باوەڕیان بەڕێکخراوەکانی ژنان نەماوە و دەڵێن ئەم ڕێکخراوانە ئەگەر پاشکۆی حیزب نەبن دەتوانن ڕاستییەکان وەك خۆی ڕوون بکەنەوە.

شنیار جەلال-وەك خوێندکارێکی زانکۆ ڕای وابوو ئەگەر ڕێکخراوەکانی ژنان لە وابەستەیی بەحیزبەکانەوە دەربچن، ئەوە دەتوانن ئیش بۆ ژنان بکەن، وتیشی: بەم حاڵەی ئێستایانەوە ناتوانن هیچ شتێك بۆ ژنان بەدەست بهێنن، شنیار لەقسەکانیدا وتی: حیزبی وا هەیە ئەندامانی سەرکردایەتیان یەکی چوار ژن و زیاتریان هەیە بەڵام ڕێکخراوی ژنانیان دروست کردووە، ئەگەر ڕێکخراوێك بە ئەقڵی پیاوێکی چوار ژنە دروست بکرێت دەبێت ژنان چاوەڕێی چی لێبکەن؟.

مەهاباد قەرەداغی- کە بۆ ماوەیەك ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو بۆ کاروباری یەکسانی و هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی ژنانە و یەکێك لەو ژنانەی کە بەردەوام دەنگی هەیە لەداکۆکیکردن لەمافەکانی ژناندا وتی: من لەپێشتریشدا وتوومە با ئەندامان و سەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بەحیزب بن، بەڵام با ڕێکخراوەکانیان ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێت، ئامانجی سەرەکییان خزمەتکردن بێت بەمافەکانی ژنان. قەرەداغی کە خۆی چەندین ساڵ لەئەوروپا (وڵاتی سوید) ژیاوە، نموونەی وڵاتی سویدی هێنایەوەو وتی:

لەو وڵاتە پارتەکان بۆ نمونە پارتی سۆسیال دیموکرات ڕێکخراوی ژنانی هەیە، هیچ کێشەیەکیش نییە لەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بەحیزبەکان بن گرنگ ئەوەیە سەرانی ڕێکخراوەکان بیانەوێت ئۆتۆنۆمیان هەبێت و ئەمەش کارێکی قورس نییە، بەبڕوای مەهاباد قەرەداغی خودی کێشەکە لەئەقڵی سەرکردەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ژناندایە.

*سەرەڕای هەموو پاساوەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان بەڵام هێشتا جەماوەری ژنان متمانەیەکی کاڵیان هەیە و پاساوەکانی ڕێکخراوەکان بەدروست و واقیعی نازانن تەنیا وەك ڕێگەیەك بۆ خۆ دەربازکردن لەو گوشارە و ڕەخنانەی لەسەریانە دەبینین چونکە لەبردنە پێشەوەی مافەکانی ژنان درێغیان زۆر کردووە.